# ون بوون

شيعرى:ئەمين محەممەد

ئێوارە لە زەردە پەڕا
بە نیگایەك
كز..كز من سەرنجم دەدا
لە گەڵ خۆردا تۆش ئاوا بووی و
منت سپارد بە تەنيايی و
شەوی یەڵدا
هەر خۆم و خەم
هەر خۆم و ژان
سەراسيمە دەتلامەوە تا بەيانی
كازيوە من چاوەڕێ بووم
تا خۆر هەڵهات
تەنياو..تەنيا
خۆی وچەپكێ تيشكی زێڕين
ئەی تۆ لە كوێدا بەجێمای؟!
ئەی فريشتەی گوڵی ئەوين.
سلێمانی
**2005/3/10**